# 12تا 14 ملیۆن هاووڵاتی هەژار لە عێراقدا هەیە

## بۆ بنیاتنانەوەی ئابوورییەکەی عێراق پێویستی بە 200 ملیار دۆلار هەیە

**ئا/ محەمەدی مشیر**

بە چاودێری لێژنەی ئابووری و ئاوەدانکردنەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بە هەماهەنگی لە گەڵ کۆمەڵەی کیندی بۆ ئەندازیارانی عێراق لە بەریتانیا کۆڕێك لە لەندەن سازکرا کە تێدا شارەزایان و پەرلەمانتارانی عێراق گفتوگۆیان لە بارەی کاروباری یاسایی و وەبەرهێنانی پەیوەست بە یاسای نەوت و گاز کرد.

د. حەیدەر ئەلعەبادی سەرۆکی لێژنەی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە لە پەرلەمانی عێراق لە کۆڕەکەدا باسی لەو هۆکارانە کردووە کە هاندەرن بۆ دەست وبردکردن لە رێکخستنی یاسای نەوت و گرنگترین هۆکار لەوانەش دابەزینی ئاستی بژێوی گەلی عێراقە کە رێژەی هەژاری تیایدا گەیشتۆتە 40 تاکو 50٪، واتە نزیکەی 12تا14 ملیۆن کەس مانگانە بەبڕی تەنها 50 هەزار دینار ژیان بەسەر دەبەن، ئەمەش پێویست دەکات کە ئاستی بژێویان لە رێگەی داهاتەکانی نەوتەوە بەرزبکرێتەوەو لە هەمان کاتیشدا پرۆسەی بنیاتنانەوەی ژێرخانە ئابوورییەکانی وڵات، کە بە هۆی جەنگەکانەوە دووچاری وێرانی و کاولبوون هاتوون، پێویستی بە بڕی پارەی ئەستوور هەیە و تاکە سەرچاوەش بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە سامانی نەوتە.

عەبادی لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە هەموو ئەو هۆکارانە هانمان دەدەن کە یاسایەك دابڕێژین سەرچاوە نەوتییەکانمان بە گیانێکی نیشتمانپەروەرانە بۆرێکبخات بێئەوەی بکەوینە ژێر کاریگەری گەورە کۆمپانیاکان و گوشاری لایەنە نێودەوڵەتییەکان.

لە لایەکی دیکەدا د. عەبدولهادی ئەلحەسانی، ئەندامی لێژنەی وزە لە پەرلەمانی عێراقدا لە هەمان کۆڕدا ئاشکرای کردووە کە رژێمی پێشوو گەلێك گرێبەستی نەوتی لە بواری وەبەرهێناندا مۆرکردووە کە هاوشێوەی ئەو گرێبەستانەن کە یاسای نەوتی نوێ بەیاسان دەکات کەچی هیچ مقۆمقۆیەك لە بارەیانەوە دروست نەبوو هەروەها هیچ نارەزایەتییەکیشمان نەبیست لە بارەی ئەو گرێبەستانەی رژێمی پێشوو ئەنجامی دابوون. ناوبراو لە درێژەی وتەکانیدا باسی لەوە کردووە کە عێراق پێویستی بە بڕی 200 ملیار دۆلار هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ ئابوورییەکەی بنیات بنێتەوە ئەم برە پارەیەش دابین ناکرێت تەنها لە رێگەی زیاترکردنی داهاتەکانی نەوتەوە نەبێت.

لە لایەن خۆیەوە د. عەلی حوسێن ، راوێژکار لە وەبەرهێنانی نەوت و گاز، لە کۆڕەکەدا ئاشکرای کرد کە عێراق یەدەگی نەوتی بە نزیکەی 300 ملیار بەرمیل مەزندە دەکرێت و بە وتەی هەندێ لەو شارەزایانەی لە کۆنگرەیەکدا بەشداربوون کە لە بەریتانیا ئەنجامدراوە ناوچەی خۆرئاوای عێراق نزیکەی 400 ملیار سێجا گازی تێدایە بەمەش دەکەوێتە پێشەوەی زۆربەی ئەو وڵاتانەی گاز بەرهەم دەهێنن لەوانەش هەر یەك لە قەتەر و روسیا و ئێران.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا د. عەلی حوسێن ئاماژەی بەوەکرد کە هەندێ لە شارەزایانی نەوت قسە لە سەر تیۆرێك دەکەن کە پێدەگوترێ (بیکۆ)، ئەم تیۆرە ئەوە ئاشکرا دەکات کە نەوتی جیهانی لە ماوەیەکی کورتی داهاتوودا لە کورتی دەداو بەرهەمهێنانی نەوت تەنها لەو وڵاتانەدا چڕدەبێتەوە کە وەکو عێراق رێژەی نەوتی یەدەگی بەرزیان هەیە. لە درێژەی قسەکانیدا راوێژکاری ناوبراو گوتی بازاڕی جیهانی ئێستای نەوت رۆژانە پێویستی بە 80 ملیۆن بەرمیل نەوت هەیە و ئەو پێویستییە لە ماوەی داهاتوودا رۆژانە بۆ 120 ملیۆن بەرزدەبێتەوە، بۆیە پێویستە عێراق رۆڵێکی گرنگ بگێڕێ لە تێرکردنی بازاڕ و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی پێداویستییەکانی بازاڕی نەوتی جیهانی چونکە یەدەگێکی زۆری هەیەو دەتوانێ رۆژانە 6- 10 ملیۆن بەرمیل بنێرێتە دەرەوە.

لە لایەکی دیکەوە د. کەمال فیلد، راوێژکاری ئابووری لە سەرۆکایەتی وەزیران،ئاشکرای کرد کە 95٪ ی داهاتەکانی عێراق متمانە دەکەنە سەر هاتووەکانی نەوت و کەرتی کشتوکاڵ ناتوانێت پێداویستییە خۆجێییەکان پڕبکاتەوە بۆیە 100٪ ی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان لە دەرەوە دەهێنین، هەروەها روونیکردەوە کە رێژەی بێکاری دەگاتە 18٪ و بەپێی یاسای ئێستای وەبەرهێنانی نەوت لە ماوەی 5-10 ساڵی داهاتوو دەتوانین 186 ملیار دۆلار پاشەکەوت بکەین، بەڵام ئەگەر متمانە بکەینە سەر شارەزایی خۆمان ئەوا پێویستیمان بە 20 ساڵی دیکە هەیە بۆ ئەوەی تەنها رێژەی 40٪ ی ئەو برە پارەیە دابین بکەین کە وەبەرهێنانی نەوت دەستەبەری دەکات.

سەرچاوە: المرصد العراقی